هەڵکانی هاوپەیمانان پشتیوانی دارایی بۆ هەڵکانی پێشمەرگەی کوردستان دابڕێش دەکات



وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی (ماوە بۆ درێژکراو)ی هەرێم ڕایگەیاند، لێچوارچێوەی پشتیوانی دارایی کە لێلایەن هەڵکانی هاوپەیمانان بۆ هەزی پێشمەرگە دابین دەکرێت، بریارە سبەی دووشەممە (24ــی حوزیرانی 2024) دەست بەدابەشکردنی هاوکاری مانگی پێنج بەسەر ئەندامانی هەڵکانی پێشمەرگە بکرێت.

ئاماژەی بۆش کراوە، ئەم بڕە پارەیە، لەڕێ بەدواوە وەک هاوکاری دەدرێت بۆ هەزی پێشمەرگە و هیچ پەیوەندیەکی بە مووچەوە نیە.

ئەم هاوکارییەی هاوپەیمانان لەکاتێکدایە، تا ئەمڕۆ یەکشەممە (23ــی حوزەیرانی 2024)، نزیکەی دوو مانگ تێدەپەڕێت بەسەر دابەشنەکردنی مووچەی پێشمەرگە و هەزە ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان.

تێکەڵی پارەی پێویست بۆ وەزارەتی پێشمەرگە 133 ملیار دینارە، بۆ وەزارەتی ناوخۆش 178 ملیار دینارە، بەڵام حکومەتی ماوەبەسەرچووی هەرێمی کوردستان لە داهاتی ناوخۆ نایدات، نە داهاتی ناوخۆ هادەستی بۆغدا دەکات، هەروەها ئامادەش نییە لیستی مووچەی ئەو هەزانە بنێرێت بۆ بۆغدا بۆ ئەوەی پارەی مووچەی ئەو هەزانە بنێردرێت، ئەمەش بووە هۆی نەناردنی مووچەی دەیان هەزار پێشمەرگەو هەزە ئەمنیەکانی هەرێم لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە.